# سەرۆك كۆمار پێشوازی لە رەوەندی عێراقی لە ئوردن دەكات



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، پێشوازی كرد لە ژمارەیەك لە رۆڵەكانی رەوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆكایەتی كۆمار رایگەیاند:-لە وتەیەكدا لە میانی دیدارەكەدا پێشكەشیكرد، سەرۆك كۆمار ئاماژەی بەوەدا، كە سەردانەكەی ئێستای بۆ شانشینی هاشمیی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو وڵاتی برادایە، هەروەها بۆ فراوانكردنی هاریكارییەكانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و میسرە بە تایبەتی لە بوارەكانی وزەی نوێبوەوە، كە ئەمە پێویستی بە كاری چڕوپڕ هەیە لەو كۆبونەوەیەی ئومەد دەكرێت بەمزوانە بەسترێت و وەزیران و تەكنیكارانی تایبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەكەن.

سەرۆك كۆمار جەختیكردەوە، عیراق بە پەرۆشە بۆ درێژەدان بە هاریكاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براكانی لە پرسەكانی بەرژەوەندی هاوبەش و گەیشتن بە لێكتێگەیشتن، كە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكەدا بەرقەرار بكات.

سەبارەت بە پرسی فەڵەستین، سەرۆك كۆمار پشتیوانی حكومەتی عێراق و خەڵكەكەی بۆ گەلی فەڵەستین دوپاتكردەوە و جەختی لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییەكان بەسەر كەرتی غەززە كردەوه، كه كاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەكه هەبووه.

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەكخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەكان كرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێكی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەڵەستین، كە داواكارییەكانی گەلی فەڵەستین بەدیبهێنێت بۆ گەیشتن بە مافە تەواوەكانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاكی نیشتمانەكەیان.

سەرۆك كۆمار تیشكی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەی عێراق لەئێستادا بەخۆیەوەدەبینێت و كاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەكانی لەگەڵ كۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حكومەت لەسەر جێبەجێكردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەكەی و درێژەدان بە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە لە هەموو پارێزگاكانی وڵاتدا رونكردەوە، داواشی لێكردن لەڕێگەی ئەزمون و تواناكانیانەوە بەشداری بكەن لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆك كۆمار رایگەیاند، لە میانی گفتوگۆكاندا لەگەڵ خاوەنشكۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی رەوەندی عێراقی تاووتوێ كردوە. ئاماژەی بەوەشكرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەكانیان و پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەكانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەكێكە لە ئەركە گرنگەكان و تەنانەت لە ئەركە سەرەكییەكانی سەرۆكایەتی كۆمار و حكومەتی عێراقە.

لای خۆیانەوە رۆڵەكانی رەوەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆك كۆمار دەربڕی بۆ رەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوەشكردەوە، كە ئەم پەیوەندی و دیدارانە لەگەڵ رۆڵەكانی رەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانكاری دەكات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و رێگریانەی روبەڕوویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.

